# سەردار
# شوێن ئوتومبێل دەکەوێت

سەردار لە گەڵ هاڤاڵەکانیدا بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، چاویان بە ئوتومبیلێ کەوت کە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت. سەردار لە پێشیدا ڕای کرد و خۆی پێوە هەڵواسی، بەڵام لە بەر ئەوەی کە نەیتوانی دابەزێت کەوتە خوارەوە و دەستێکی شکا.

هاڤاڵەکانی هەڵیان گرتەوە و گەیاندیانە ماڵەوە. کە باوکی چاوی پێکەوت، گوتیە سەردار: «کوڕم لەمەو پاش دوای ئوتومبێل نەکەویت».

سەردار گوتی: : «تۆبە بێت بابە گیان، ئیتر هەرگیز دوای ئوتومبێل ناکەوم».



* ڕاڤە

هاڤاڵ : هاوڕێ

لەمەو پاش : لەمەو دوا

هەرگیز : قەت

بەشوێنیدا : بەدوایدا

دابەزین : هاتنەخوارەوە

ئوتومبێل : ماشێن، سەیارە، ئەرابە


Copyright © Kurdi.fi

* ڕاهێنان

1. سەردار بۆچی دەستی شکا؟

2. باوکی سەردار چی گوت؟

3. ئەمانە تەواو بکە:

سەردار گوتی: « ............ بابە گیان، ئیتر ............ دوای ............ ناکەوم ».

---

* ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە و سێ جاریان لێ بنووسەوە:

- هەڵگرت ............
- هەڵواسی ............
- هەڵدڕی ............
- هەڵفڕی ............
- هەڵهات ............





Copyright © Kurdi.fi